# چارەنوسی هەڵبژاردن لە هەرێم

**عوسمان حاجی مارف**

پارتی و یەکێتی ئەوە ناشارنەوە، کە ناتوانن هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەن. ئاماژەیەکی لابەلاش بەوە ئەدەن کە نەک ۱-۱۰-۲۰۲۲ هەڵبژاردنیان بۆ بەڕێ ناخرێ، بەڵکو ئەمساڵ کاریکیان بەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەوە نابێت. هەر بۆ ئەم پرۆسەیەش دەبینین کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هیچ ئامادەکاریەکیان تائێستا نیشان نەداوەو سەرەتای هیچ کارێکیان دیار نییە و بێکار ماونەتەوە.

پاساوی پارتی و یەکێتی سەبارەت بە دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە زیاتر دەیگەڕێنەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی نێوان خۆیان. هەر لایەنێکیشیان ئەویتر بەکەمتەرخەم و نابەرپرس تاوانبار دەکات. هەڵبەتە نارێکی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ خۆی مەسەلەیەکە، چونکە دوو هێزی سەرەکین لە پێکهێنانی دەسەڵات لە هەرێمدا. بەڵام ناسینەوەی کێشەی دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە واوەترە لە دانیشتن و دانوسان و ڕێکەوتنی نێوان هەردوو لایان. بۆیە پێویست دەکات هۆکارەکانی دواکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە بناسین کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی قوڵی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێشهاتون، لە قوڵبوونەوەی زیاتری ئەو گێژاو و ناسەقامگیری سیاسیەی چەندین ساڵە دۆخی سیاسی ناوچەکەی لە قاڵبداوە.

یانی بە مانایەک ئەم دوو هێزە میلیشیایە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەکانیان، لە ئێستادا ناتوانن بەردەوامی بەو شێوازانەی پێشوو بدەن، کە ناویان نابوو ڕێکەوتنی ستراتیژی، یان حکومەتی بنکەفراوان و پاراستنی یەکڕیزیی کورد..هتد. چونکە ئەو ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییانەو قەیرانی قوڵ لەپرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا پارتی و یەکێتی خستۆتە بەردەم چارەنوسێکەوە، ئاسان نییە بتوانن بە چەند گفتوگۆو دانوسانێک بگەنە ڕێکەوتنێکی دیاریکراوو پەسەندکراو تا جێگای ڕەزامەندی هەردوولایان بێت. بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەردەم مامەڵەو گەمەیەکی هەستیارو مەترسیدارو چارەنوسسازدایە، کە بابەتەکە بە ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی بەڕێکردنی هەڵبژاردن کۆتایی نایەت، چونکە بۆخۆشیان ئەوە زۆرباش دەزانن، کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ناتوانێت وەڵامێک بێت بۆ ئەو گرفت و کێشانەی لە بەرانبەریدا دەستەوەستان ماوون. ئاستی گرفت و کێشەکانیان لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی وەهادایە، کە لە چاوەڕوانیدا قەتیسی کردووە و ناتوانن بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بدەن، چونکە لەم دۆخی چاوەڕوانیەدا هەر بڕیارێک بەناوی ڕێکەوتنەوە بدەن، مامەڵەو گەمەکانیان بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا لەدۆخێکی وەها هەستیاردایە، کاریگەری جددی لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان دەبێت، کە ناتوانن دیاری بکەن بە قازانجی کاملایان دەبێت.

ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە دۆخێکی تری لە دەورانی سی ساڵی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە پێگەو دەوریان لەسەر لێواری جۆرێک لە بنبەست و دارماندایە:

یەکەم/ شکست و پاشەکشەی دەوڵەتی ئەمریکا وەک تاکە جەمسەرێک لە ناوچەکەدا، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کاریگەری دانا لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە ناوچەکەی خستە دەورانێکی ترەوە. چڕبونەوەی ململانێ و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەتی خستنەسەرپشتی دەرگای دەخالەتکردنی زیاتری ئێران و تورکیا لە عێراق و کوردستاندا. هەر ئەم واقعە شێوازێکی تری بەخشی بە ئالوگۆڕ لە دەورو پێگەی پارتی و یەکێتی و پەیوەنیدیان بە بەغداوە، چونکە ئەو دەورانە تێپەری کە بتوانن پاشکۆبوونی سیاسەتەکانیان تەنها ببەستەوە بە نەخشەو دەوری سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە. واتە لەبەرانبەر ناسەقامگیری سیاسی و ناسەقامگیری پێگەی خۆیاندا گیریان کردووە. هەرجارەی بە گرفتی کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەوە دەناڵێنن. گرفتی هەڵبژاردنیش درێژکراوەی هەمان ئەو دۆخەیە. نارۆشنن لەسەر ئەوەی بەرەو چ ئاراستەیەکی دەبەن. پارتی و یەکێتی بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن و دەڵێن(هیچ ڕێککەوتنێک نییە لەنێوانماندا)، دواتریش لەسەر چی ڕێکدەکەون، نەزانراوە!

دووەم/ نەخشە و سیاسەتەکانی یەکێتی و پارتی، کە پێشتر لەپەیوەند بە ستراتیژی ئەمریکاوە توانیان داگیرکاری و تاڵانچێتی لە کوردستان بەدەستبهێنن و بوونە بەرگریکەری سەرسەختی یەکگرتوویی خاکی عێراق، هەروەها خۆیان کردە هاوچارەنووسی پێکهاتەو ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، ئێستا کە قەیرانێکی بەرفراوان دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داگرتووە، پارتی و یەکێتیش بوونەتە هاوچارەنوسی هەمان ئەو قەیران و گێژاوەی حکومەتی عێراقی تێیدا چەقیوە. لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر نارۆشنی هەڵبژاردنی هەرێم و پەیوەندی نێوان هێزە میلیشیاو سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکانیش داناوە. هەربۆیە هەڵبژاردنی کوردستان لە چاوەڕوانی یەکلایبوونەوەی دۆخی بەغدا و پێکهێنانی حکومەتەکەیدایە، چونکە لە ئێستادا شتێکی وەها دیار نییە، کە ئاخۆ چی بە قازانجی پارتی یان یەکێتی دەبێت.

سێیەم/ درێژەکێشانی شەڕی ئۆکرانیا جگە لەوەی کاریگەری لەسەر هەلومەرجی سیاسی جیهان هەیەو شەڕی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکانە، ڕاستەخۆ کاریگەری جددیشی لەسەر یەکلاییبونەوەی ئایندەی هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش داناوە. سەردانەکانی بایدن و بۆتین بۆ ئەم ناوچەیە و دانوسانەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ئامانجی بەستنەوەی چارەنوسی ئەم ناوچەیەیە، بە کێشمەکێش و جەنگی نێوانیانەوە، لەم نێوەدا جێگاو ڕێگاو پێگەیەکی بۆ پارتی و یەکێتی نەهێشتۆتەوە. بەجۆرێکە، کەبوونەتە پاشکۆی ڕووداوەکان و دەکەونە بەر ڕەحمەتی چۆنیەتی و پێداویستیەکانی یەکلاییبوونەوەی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران و سعودیە. بۆیە لەئێستادا پارتی و یەکێتی ئەوەیان پێباشترە جارێ هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نەکەن و لە چاوەڕوانیدا بمێننەوەو ئەوە بۆیان گونجاو ترە! هەر هەنگاوو ڕێکەوتنێک قومارێکە نازانرێ کێ براوە دەبێت. بۆیە خۆبەستنەوەیان بە ڕێکەوتن لەسەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان دەچێتە چوارچێوەی قومارێکەوە شانس دەور دەبینێت.

چوارەم/ قوماری هەڵبژاردنیش لەکاتێکدا، کە تورەیی و نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری یەخەی پێگرتوون، هەر لەسەرەتاوە شکستی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێنەکەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت

دەکاتە کارێکی حەتمی و دەکەونە ناو قەیرانێکی قوڵترەوە. ئەمەش هۆکارێکی جددیە، کە لەئێستادا باس لەدواخستنی هەڵبژاردن بکەن. پارتی و یەکێتی تا ئەوکاتەی هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناوچەکە بەلایەکدا دەکەوێت، بەمانای حساباتیک لەنێوان کێشمەکێش و دەخالەتیک وڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکە بە شوێنێک دەگەن، ناچارن خۆیان نەخەنە ناو گێژاوی هەڵبژاردنێکەوە، کە ئەوسەرەکەی لەناو جەنجاڵی ئەم کێشمەکێشەی ئێستادا دیارنییە. ناشیانەوێت بە ناوی هەڵبژاردنەوە لەم دۆخە هەستیارەدا زیاتر جەماوەری ناڕازی لە خۆیان توڕەتر بکەن.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەو لایەنانەی بەناوی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەیانەوێت لەم فرسەتەدا کورسی زیاتر بەدەست بهێنن، پێیان باشە بەزوویی هەڵبژاردن دەستپێبکات وسوود لەم قەیرانە بۆ زیاترکردنی کورسیەکانیان وەربگرن. هەڵبەتە گەر هەڵبژاردن بکرێت، ڕەنگە لایەنێکی وەک نەوەی نوێ ژمارەی کورسیەکانی زیاد بکات، هەربۆیە کەسانێکی هەلپەرست، سەنگەری هەڵسورانی سیاسیان لە گۆڕانەوە دەگوێزنەوە بۆ نەوەی نوێ. ئەوەی جێگای باسە زیادبوونی کورسیەکانی نەوەی نوێ هیچ کاریگەریەکی لەسەر پێکهاتەی دەسەڵات و چارەنووسی هەلومەرجی سیاسی کوردستان نابێت، تەنها ڕوکارێکە لەناو گۆماوی کاریکاتۆری هەڵبژاردن و پەرلەماندا مەلە دەکات.

پێویستە ئەوە بڵێم، کە گرنگ نیە کەی هەڵبژاردن دەکرێت و چۆن کێشەکان لە ناو کێشمەکێشی بەرژەوەندی وڵاتان و هێزە سیاسیەکاندا بە قازانجی هاوسەنگی هێزی پارتی یان یەکێتی یەکلایی دەبێتەوە. گرنگ دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و هەژاری کوردستانە، کە نە بۆ پارتی و نە بۆ یەکێتی و نە ئۆپوزیسیۆنەکەشیان جێگای بایەخیان نەبووەو نییە. هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، پارتی و یەکێتی دەسەلاتی میلیشیایی ڕەهایان هەیە. کابوسن بەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵکەوە. هەڵبژاردن و پەرلەمان هیچ ناگۆڕێت. ئەم کابوسە دەبێت بەهێزی نارەزایەتی جەماوەری کۆتایی پێبهێنرێت. هەرچاوەڕوانیەک لە هەر هێزێک لە چوارچێوەی بەرێوەبەرایەتی ئەم سیستمە کابوسەدا گەمەی سیاسی بە ناوی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەکات، کارێکی خۆکوژیەو ئەو فرسەتە دوور دەخاتەوە، کە دەمانەوێت ئایندەیەکی رۆشن بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو دابین بکەین و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە ژیان و گوزەران و لە ماف و ئازادیەکانماندا و لەشێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەدی بهێنین.

٢٠٢٢/٠٧/٢٤